**له یادی ٢٦ ساڵەی دامەزراندنی دادگای دادی تاوانکاری نێودەوڵەتی ICC ,**

ڕێکەوتی ١٧-٧-٢٠٢٤




له شارەکانی سلێمانی , کەرکوك, هەولێر, چەمچەماڵ , هەڵەبجە ,ناحیەی رزگاری گەرمیان لە گۆڕستانی ئەنفالکراوانی گەرمیان , چەندی گردبونەوەو کۆڕو سمینار ئەنجامدرا, بە بەشداری دەیان کەناڵی ناوخۆیی و بیانی , داواکرا عێراق ببێتە ئەندامی دادگاکە بۆ ئەوەی تاوانەکانی جینۆساید و کیمیاباران, هەڵەبجەو ئەنفال دووبارە نەبنەوە.

لە سەرجەم گردبونەوەکان ئەم داواکارییانە خرانە روو:

لە یادی ٢٦ ساڵەی بڕیاری پێکهێنانی دادگاکەو ٢٢ ساڵەی دەست بەکار بونی ئەو دادگایە و رۆژی دادپەروەری جیهانی, وەك گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە, لە هەموو

گەلانی دیکە زیاتر پێویستمان بە دادگایەکی جیهانی وا هەیە, بۆیە داواکارین:

- عێراق پەیماننامەی رۆما واژۆ بکات و بە زووترین کات پەیوەست بوونی خۆی بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی رابگەیەنێت, بۆ ئەوەی دڵنەوایيمان بداتێ عێراقی ئەمرۆ و ئاینده جیایە لە عێراقی تاوان و جینۆسایدی پێشوو, بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەرلەمانی عێراق بە رۆڵی خۆی هەڵبستێت.

- حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق فشار بخەنە سەر حکومەتی کوردستان ٢٥٨ تۆمەتباری ئەنفال وەك تاوانبار سەیر بکەن و دادگایی بکرێن.

- حکومەتی عێراقی هەموو ئەوانەی وەك تۆمەتبار ناویان لە کەیسەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان هاتووە دادگایی بکات.

- حکومەتی عێراقی قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی رژێمی پێشوو بکاتەوە بێ جیاوازی, لە داوای لێبوردن کردن لێیان و قەرەبووی مادییان تا گەڕانەوەی روفاتی ئازیزانیان.

- حکومەتی عێراقی پێشوازی لە هیچ کەسێك نەکات لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە داواکراو بێت , یان گومان لێکراوبێت بەو تاوانانەی لە تایبەتمەندی دادگای ناوبراوە.

- پەلە بکرێت لە هێنانەوەی روفاتی قوربانیان و پشکنینیان بۆ بکرێت.

- قەرەبووی مادی و مەعنەوەی قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید, تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ لە عێرقدا بکرێتەوەو تاوانباران لە سزا رزگاریان نەبێت.

- سەربازگەی تۆبزاوا بپارێزرێت, بۆ بەرز راگرتنی قوربانیان بکرێت بە مۆنمێنتێکی شایستە بۆ ئازیزانی ئەنفالکراومان.


kurdistan without GENOCIDE
kurdistan without GENOCIDE
17 July
July 17
Yes for a strong ICC


Yes for a strong ICC
There is no peace without trying
A world without chemical and biological weapons